کەیلی ئەکرەم مەنتک

# ئەندامی لیژنەی وەرزش و لاوان لەپەرلەمانی کوردستان بۆ وەرزش: ئامانجمان ئەوەیە گیروگرفتەکان چارەسەر بکەین

ماوەیەک بوو خەریکی ئەوەبووم دەرفەتێکم بۆ برەخسێ بەمەبەستی کۆکردنەوەی هەندێک زانیاریی راستو دروست سەبارەت بەو لیژنەیەی کە لەپەرلەمانی کوردستان بەناوی لیژنەی وەرزش ولاوان دامەزراوە و تائێستاش لەرێگەی ئەو لیژنەیەوە چەندین هەنگاوی گرنگیان هاوێشتووە کەمەبەستیان تەنهاخزمەتکردنی وەرزشوانان ولاوەکانمانە. جا بۆ ئەم مەبەستە لەدەرفەتێکدا سەردانی پەرلەمانی کوردستانمان کردو لەنزیکەوە چاومان بە خاتوو کەیلی ئەکرەم مەنتک ئەندامی پەرلەمانی کوردستان کەوت و ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستەی کرد:

**دیمانە : سەرهەنگ نەجمەدین**



*** مەبەستتان لە دامەزراندنی ئەم لیژنەیە چی بوو؟**

– مەبەستمان ئەوە بوو کە بتوانین خزمەت بە وەرزشوانان ولاوان بکەین، هەروەها چەند پرۆژەیەکی گرنگمان بەدەستەوەیە کە لەئایندەیەکی نزیکدا بەپێی توانا ئەنجامی دەدەین، بەڵام خۆشتان دەزانن لیژنەکەمان تازەیە و لە چەند ئەندامێک پێک هاتووە کەهەردوو رەگەزی لەخۆگرتووە.

*** پلان وبەرنامەتان بۆ ساڵی نوێ چییە ؟**

– لەراستیدا ئێمە زۆر شتمان لەبەرنامەدا هەیە، لەوانە سەردانیکردنی زانکۆکان بەتایبەتی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی هەولێر وپەیمانگای پەروەردەی وەرزشی هەولێر و چەندین قوتابخانەی دیکەی ناوشاری هەولێرودەوروبەری، بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو و وبەهێز لەنێوان لیژنەکەمان وگشت دەزگا وەرزشییەکانی کوردستان لەهەموو بوارەکانیەوە.

*** لە دامەزراندنی لیژنەکەتان لەرووی پەیوەندییەکان چیتان کردووە؟**

– ئێمە لەو ماوەیەی ڕابردوو توانیتمان لەرووی پەیوەندییەکانەوە چەندین شوێن و پارێزگاکانی کوردستان بەسەربکەینەوە، لەوانەش سەردانی هەرسێ پارێزگای دهۆک وسلێمانی و زاخۆمان کردووە وهەر لەکاتی سەردانەکانماندا توانیتمان چەندین یانەی وەرزشی بەسەر بکەینەوە بەتایبەتی هەندێک لەو یانانەی کە بەبەر بڕیاری کەمکردنەوەی یانەکان کەوتوون.

*** گیروگرفت لەناو وەرزش زۆرن بەتایبەتی نەبوونی هۆڵ و یاریگە بۆئافرەتەکانمان کەگەورەترین کێشەیە، ئێوە دەتوانن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن ؟**

_ ئێمە لەهەوڵێکی جدی داین بۆ بنیاتنانی ژێرخانی وەرزشی بەتایبەتی دروستکردنی هۆڵ و یاریگەو مەلەوانگەی داخراوو کراوە، ئەمانەو چەندین شتی دیکە کەهەر هەمووی سوودو قازانجی وەرزشوانەکانمانە بەتایبەتی چینی ئافرەتان کەتائێستا بێبەشن لە هۆڵێکی داخراوی تایبەت بەخۆیانەوە.

*** ئەدی لەگەڵ دەزگە ڕاگەیاندنکارەکانی وەرزشی چۆنن؟**

–ئێمە پێش هەموو شتێک دەزگا راگەیاندنکارەکانی وەرزشی قەد لەیاد ناکەین .چونکە ئەوان چاوی وەرزشن .بەهۆی ئەوەی ئەگەر ڕاگەیاند نەبێت هیچ کەسێک ناتوانێت هەواڵێکی وەرزشی ببیستێ .سەرەڕای ئەمەش ماوەیەک بەر لەئێستا لیژنەی وەرزشی کوردستان کەسەر بەسەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە، سەردانی ئێمەیان کرد، سەبارەت بەدروستکردنی پەیوەندی وهەماهەنگیی نێوان هەردوولا بەمەبەستی ئاگاداربوونمان لەهەر پێشهاتەکی نوێی وەرزشی

*** زۆر لە قوتابخانەکان وانەی وەرزشییان فەرامۆش کردووە، ئایا ئێوە هەوڵی ئەوەتان نەداوە لەرێگای وەزارەتی پەروەردە ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکەن ؟**

– هەر وەک لەسەرەوە ئاماژەم بۆکرد کە ئامانجمان لەسەردانیکردنی قوتابخانەکان تەنها بۆ ئەوەیە کە بزانین وانەی وەرزشی لەقوتابخانەکان تاچەند بایەخ وگرنگی پێدەدرێت، چونکە زۆر لەقوتابخانەکان وانەی وەرزشییان فەرامۆش کردووەوبەڵکو هەر وانەکەش ناخوێنن و وانەیەکی دیکە لەشوێنی ئەو دەخوێندرێت، بۆیە دەبێ بەهەموو لایەکمان هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیەبدەین.

## وەرزش و هاریکاری



**سەلام حوسێن***

گەلێک جار باسمان لەوە کردووە کە وەرزش هەڵگری گەلێک پەیامی بەرز و پیرۆزە وەک خۆشەویستی و تەبایی و رێزگرتن و یەکترناسین و هتد... بەڵام زۆر بەکەمی باسمان لەوەکردووە کە وەرزش وێرای هەموو ئەوانە هاریکاریکردنە لە نێوان هەموو ئەوانەی کە مومارەسەی ئەو وەرزشە بە چاکی و بە پاکی دەکەن، چونکە دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین ئەو وەرزشوانانەی کە هەمیشە هاوکاری و هاریکاریی یەکدی دەکەن بۆ پێشخستنی ئەو پەیامە، ئەوا زیاتر بەرەوپێشەوە دەچن و لەلای یەکدی خۆشەویست دەبن، هەر لێرەوە زۆر نموونەی زیندوو هەن دەکرێ ئاماژە بە یەکێکیان بکەین کە زۆر جاران لە نێو وەرزشوانان دووبارە و سێبارە و چەند بارە دەبێتەوە، ئەویش گەلێک جاران یانەیەکی دیاریکراو بۆ بەڕێوەبردنی یارییەکی دۆستانەیان یارییەکی فەرمی یاریگەی خۆی بە یانەیەکی دیکە داوە، ئەوەشیان دڵی هەموو لایەکمان خۆش دەکات کە ئەو جۆرە هاریکاری و هاوکارییە بەرچاوە لە نێوەندی وەرزشدا هەیە، بەو ئومێدەی ئەو گیانە وەرزشییە بەرزە هەمیشە لە پەیامی پیرۆزی خۆی بە پاکی و بەچاکی بگەیەنێت و هەموو لایەکیش چاوی لێ بکات و لە بەرنامەی خۆی جێگیری بکات، ئەوسا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئێمە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و دوور لە هەموو کاریگەرییەک وەرزش دەکەین.

*** سکرتێری یەکێتی تۆپی پێی کوردستان**

# ڕاهێنەری لاوانی ئاسۆ: زۆربەی یانەکان گرفتی هێرشبەریان هەیە

**ئا/ محەمەد سەعید کوردە**



سامان ئەنوەر یەکێکە لەو ڕاهێنەرە لاوانەی کە ماوەیەکە مەشق و ڕاهێنانی تیپی تۆپی پێی لاوانی یانەی ئاسۆی گرتۆتە دەست و بە کاریگەرییەوە ئاوێتەی کارەکەی بووە، بۆئەوەی تیپێکی ڕێکوپێک و کارامە بۆ خولی داهاتوو ئامادەبکات، لە بەیەکگەیشتنێکی خێرا پێی ڕاگەیاندین کە ناوبراو 25 یاریزانی لاوی کۆکردۆتەوە و بەشێوەی بەردەوام خەریکی مەشق و ڕاهێنانن.

سامانی ڕاهێنەر گوتی: بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی تیپەکەم توانیمان چەند یارییەکی دۆستانە ئەنجام بدەین، لەوانە بە ئەنجامی 2–1 گۆڵ لە تازەپێگەیشتووانی هەولێرمان بردەوە، هەروەها بە ئەنجامی گۆڵێکی بێ بەرامبەر لە یانەی برایەتیمان بردەوە، بەڵام لەگەڵ یانەی ئارارات 2–3 گۆڵ دۆڕاین و لەگەڵ هەڵبژاردەی پەروەردەکانیش بە 2 گۆڵ بەرامبەر بووین، لە ئەنجامی ئەو یارییانە و مەشق و ڕاهێنانەوە بۆم دەرکەوتووە کە ئێمە لە هەموو هێڵەکانی یاریکردنەوە تەواوبووین و کەموکوڕیمان نییە، تەنها گرفتمان لە هێڵی هێرشبەر هەیە و هێرشبەرەکانمان ناتوانن گۆڵ تۆمار بکەن، بۆیە لە مەشق و ڕاهێناندا زیاتر گرنگی بەو لایەنە دەدەم، ئەمەشیان نەک بە تەنها گرفتی ئێمەیە، بەڵکو زۆربەی یانەکان بەدەست گرفتی هێرشبەرەوە دەناڵێنن.

ئەو ڕاهێنەرە وەک گلەیی و پێشنیازێک ئەوەشی خستەڕوو کە بۆچی خولی تۆپی پێی لاوانی یانە پلە یەکەکان لەم نزیکانە ئەنجام نادرێت، لەکاتێکدا ئێمە و یانەکانی دیکەش دەمێکە لە ئامادەباشیی تەواوداین؟

ماوەتەوە بڵێین سامان ئەنوەر ساڵح پێشتر لەگەڵ سەرتیپ عومەر ڕاهێنەری یانەی پیشەسازی بووە، هەروەها لەگەڵ عەبدولخالق وەلی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی تازە پێگەیشتووانی هەولێریش بووە.

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سەرنووسەر
نەژاد عزیز سورمێ
nazhad@xebat.net
سەرپەرشتیار
هاوار مورتکەیی
Mob:0750 447 5407
hawarmurtkaee@yahoo.com
چاپخانەی موکریانی